هەرێمی کوردستان/ عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/ العراق

مجلس الوزراء

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران

## ژمارە (٣٧) لە ٢٠١٩/١١/١٣

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٤) لە ٢٠١٩/١١/١٦، بڕیاردرا بە:

١. پێکهێنانی لیژنەیەك بە سەرۆکایەتی بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری و ئەندامێتی بەڕێزان وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان و سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران و سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون و نوێنەری پڕۆژەی بایۆمەتری تۆماری فەرمانبەران بۆ بەدواداچوونی بارودۆخی کارمەندانی گرێبەست، و دواتر دەرئەنجامی بەدواداچوونەکە بخرێتە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران.

٢. وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران